# لێك نەچوون

بەرزان هەستیار
دیسەمبەری2007
ئەڵمانیا /کۆڵن
bhastiar@yahoo.de

گەریلا ؛ ...
گەڵا لە سەوزییدا ،
گەواڵە هەور لە بەخشییندا و
گوڵ ئەستێرە ، لە شەوە بێ چراکاندا ،
" ئۆردوگان "یش ؛....
ئافات ، لە وەرزیی شین بوونا ،
ئاگر ، لە حەوشەی ماڵی ئاونگدا ،
ئفلیجیی ، لەبەر پێی هەنگاودا ؛
گەریلا ؛...
گەردانەیەکی بە ورشە ، لە ملی " قەندیل " ا و
گەرمایی ، بۆ ، هەناسەی کەسیرە بوو ،
گوندێکی ئاوەدان ، بۆ میواندارییی ڕۆشنایی ؛
" گوڵ " یش ؛...
گوللەیەك بۆ شەهیدکردنی ئاوێنەکان و
گەماڵێك ، بۆ گەمارۆدانی هەتاو و
گەنجینەیەك ، پڕ لە کەروو